ڕۆشنایی قورئان



# دەستوور و یاسای ژیان لە قورئاندا

# دەستوورو یاسای ژیان

# لە قورئاندا


بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی:

تەنها بە ناوی خودا، «اللَّهُمَّ لَكَ الحَمْدُ كَمَا يَنْبَغِي لِجَلَالِ وَجْهِكَ وَعَظِيمِ سُلْطَانِكَ» درووود و سڵاو بۆ سەر گیانی پێغەمبەری پێشەوا (ﷺ)، سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە جوانترین و کامڵترین پەیامی لەڕێگەی پێغەمبەرەکەیەوە (ﷺ) بۆ ڕەوانە کردوین کە ئەویش قورئانی پیرۆزە، مەنهەج و بنەمای گشت کارە جوان و باشەکانە، هەموو کار و گوفتارێکی باش و جوان لە قورئانەوە سەرچاوەی گرتووە، هەر کەسێک بیکاتە سەرچاوە و بنەمای کارەکانی سەرکەووتنی لە دونیا و قیامەتی بەدەست هێناوە، هەر کەسێکیش لێی دوور بێت و فەرامۆشی بکات ئەوا بێگومان لە زەرەر مەندانە.

ئێمە وەک «ڕۆشنایی قورئان» خۆمان بە خۆشعاڵ دەزانین ئەم جارەش بە پرۆژەی نوێوە هاتینەوە خزمەتتان، پرۆژەکەمان پێکهاتووە لەو ئایەتانەی کە تێیدا خودای پەروەردگار فەرمانی کار و ڕەوشت و هەڵسووکەوتی جوان و باشمان پێ دەکات، لەگەڵ خێزان و دەورووبەرمان و لە کۆمەڵگەشدا، کە هەر کەسێک کاریان پێ بکات خودا لێی ڕازی دەبێت و پاداشتی دەداتەوە وەکو دەفەرموویت: ﴿هَلْ جَزَاءُ الإحْسَانِ إلا الإحْسَانُ﴾.(ئایا پاداشتی چاکە تەنها چاکە نییە)!؟

هەروەها دەفەرمووێت: ﴿وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَأُولَٰئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاءِ وَالصَّالِحِينَ ۚ وَحَسُنَ أُولَٰئِكَ رَفِيقًا﴾، [النساء: ٦٩]، واتە: (ئەوەی فەرمانبەرداری خوا و پێغەمبەر (ﷺ) بکات، جا ئەوانە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەبن (لە بەهەشتی بەریندا) کە خوا نازونیعمەتی ڕژاندووە بەسەریاندا لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان، ئای کە ئەوانە هاوەڵ و هاوڕێ و هاودەمێکی چاک و بێ وێنەن!)

ئێمەش هەڵساوین بە کۆکردنەوەی (بەشێک) لەو فەرمان و ئامۆژگاریانەی خودا کە لە مەنهەجەکەیدا بۆی داناوین لەم نامیلکەیەی بەردەستان بەناوی «دەستوور و یاسای ژیان لە قورئان دا» کە پێکهاتووە لە ژمارەیەک لە وتە و فەرمانی خودا بۆمان کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا جێبەجێی بکەین، و چاوەڕێی پاداشتیش بین لەلایەن خوداوە، داواکارین لە خوای میهرەمان لێمانی وەرگرێت و ئێمە و ئێوەش تێیدا سوودمەند بین.

## دەستەی ئەندامانی ڕۆشنایی قورئان

## ❖ سیخوڕی مەکەن

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱجۡتَنِبُواْ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعۡضَ ٱلظَّنِّ إِثۡمٞۖ وَلَا تَجَسَّسُواْ وَلَا يَغۡتَب بَّعۡضُكُم بَعۡضًاۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمۡ أَن يَأۡكُلَ لَحۡمَ أَخِيهِ مَيۡتٗا فَكَرِهۡتُمُوهُۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٞ رَّحِيمٞ﴾

واتە: (ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، خۆتان زۆر بپارێزن لە گومانی خراپ، لەڕاستیدا هەندێ لەو گومانانە گوناهـ و تاوانن (بۆیە حەق وایە لە هەموو گومانێک خۆپارێز بین) بە شوێن کەموکوڕیی و عەیب و عاری یەکتردا مەگەڕێن و سیخوڕی مەکەن و لەپاشملە باسی یەکتری بە خراپ مەبەن، ئایا کەستان خۆشی دێت لەوەی گۆشتی برای خۆی بە مردوویی بخوات؟! دیارە کاری واتان زۆر پێ سەخت و ناخۆشە، دەی کەواتە لە خوا بترسن و پارێزگار بن، چونکە بەڕاستی خوا گەڕانەوەی خەڵکی وەردەگرێت و میهرەبانە بۆتان.)

[سورەتی الحجرات: 12]

## ❖پەیمانەکانتان بپارێزن

﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّم مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ثُمَّ لَمۡ يَنقُصُوكُمۡ شَيۡـٔٗا وَلَمۡ يُظَٰهِرُواْ عَلَيۡكُمۡ أَحَدٗا فَأَتِمُّوٓاْ إِلَيۡهِمۡ عَهۡدَهُمۡ إِلَىٰ مُدَّتِهِمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُتَّقِينَ﴾

واتە: (بەڵام ئەو هاوەڵگەرانەی کە پەیمانتان لەگەڵیاندا بەستووە، پاشان پابەندی پەیمانەکە بوون و هیچیان لێ کەم نەکردووە و یارمەتی کەسیشیان نەداوە دژتان، ئەوە ئێوە پەیمانەکەیان بۆ بەرنە سەر و تەواوی بکەن، تا کاتی دیاری کراویان، چونکە بەڕاستی خوا پارێزکارانی خۆش دەوێت.)

[سورەتی التوبة:4]

## ❖تورەیی خۆت کۆنترۆڵ بکە

﴿ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ فِى ٱلسَّرَّآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَٱلْكَٰظِمِينَ ٱلْغَيْظَ وَٱلْعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾

واتە: (ئەوانەی لە خۆشی و ناخۆشیدا، لە هەرزانی و گرانیدا ماڵ و سامانیان دەبەخشن، ڕق و کینەی خۆیان دەخۆنەوەو خۆگرن، لە خەڵکی خۆش دەبن و لێبوردەن، خوای میهرەبانیش چاکەکار و چاکەخوازانی خۆش دەوێت.)

[سورەتی آل عمران:134]

## ❖ دەنگۆ بڵاو مەکەرەوە

﴿إِذْ تَلَقَّوْنَهُۥ بِأَلْسِنَتِكُمْ وَتَقُولُونَ بِأَفْوَاهِكُم مَّا لَيْسَ لَكُم بِهِۦ عِلْمٌ وَتَحْسَبُونَهُۥ هَيِّنًا وَهُوَ عِندَ ٱللَّهِ عَظِيمٌ﴾

واتە: (ئەوە بۆ هەر دەماودەم قسە لە زمانی یەکتر وەردەگرن (بێ لێکدانەوە)، کاتێك بە زارتان شتێك دەڵێن کە هیچ ئاگاییتان دەربارەی نییە، ئێوە وا دەزانن ئەو بوختانە شتێکی سادە و ئاسانە؟ لە کاتێکدا ئەوە لای خوا زۆر گەورە و ناقۆڵایە.)

﴿وَلَوْلَآ إِذْ سَمِعْتُمُوهُ قُلْتُم مَّا يَكُونُ لَنَآ أَن نَّتَكَلَّمَ بِهَٰذَا سُبْحَٰنَكَ هَٰذَا بُهْتَٰنٌ عَظِيمٌ﴾

واتە: (دەبوا کاتێك گوێتان لەو بوختانە بوو، بتانوتایە: ئێمە بۆمان نییە قسەی وا بکەین، پاکی و بێگەردی بۆ خوا، ئاخر ئەمە بوختانێکی زۆر گەورە و ناقۆڵایە (کەی ئەوە لە دایکی ئیمانداران دەوەشێتەوە).

[سورەتی النور: 15، 16]

### ❖ بە وردی بیر لە کەسانی تر بکەرەوە

﴿لَّوْلَآ إِذْ سَمِعْتُمُوهُ ظَنَّ ٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بِأَنفُسِهِمْ خَيْرًا وَقَالُواْ هَٰذَآ إِفْكٌ مُّبِينٌ﴾

واتە: (دەبوا هەر کە ئەو بوختانەتان بیست ئیمانداران لە پیاوان و لە ئافرەتان گومانی چاکیان بە خۆیان ببوایە و دڵنیا بوونایە لە پاکی خۆیان و بیانوتایە ئەمە بوختانێکی ئاشکرایە و (کاری ناڕەوای وا لە دایکی موسوڵمانان و لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) ناوەشێتەوە).

[سورەتی النور: 12]

## ❖ شێوازی میوانداری

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَدۡخُلُواْ بُيُوتًا غَيۡرَ بُيُوتِكُمۡ حَتَّىٰ تَسۡتَأۡنِسُواْ وَتُسَلِّمُواْ عَلَىٰٓ أَهۡلِهَا ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ﴾

واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە مەچنە هیچ ماڵێکی تر جگە لە ماڵەکانی خۆتان، هەتا کارێك نەکەن کە ئەوان ئاگاداربن (وەکو زەنگ لێدان یان لە دەرگادان) پاشان کە مۆڵەتدران سەلام بکەن لە خەڵکی ماڵەکە، ئەوە چاکترە بۆتان و بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن، هەوڵ بدەن لە یادتان بێت و ئەو شێوازە فەرامۆش نەکەن (کاتی لە بارو گونجاو هەڵبژێرن بۆ سەردانەکانتان، بۆ میوان و خاوەن ماڵ دڵیان بەیەك بکرێتەوە).

﴿فَإِن لَّمۡ تَجِدُواْ فِيهَآ أَحَدٗا فَلَا تَدۡخُلُوهَا حَتَّىٰ يُؤۡذَنَ لَكُمۡ وَإِن قِيلَ لَكُمُ ٱرۡجِعُواْ فَٱرۡجِعُواْ هُوَ أَزۡكَىٰ لَكُمۡ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ عَلِيمٞ﴾

واتە: (جا ئەگەر کەستان نەبینی تیایدا، یاخود هەستتان کرد کەس لەماڵ نییە، مەچنە ژوورەوە هەتا مۆڵەت نەدرێن، ئەگەر پێتان وترا بگەڕێنەوە (کاتمان نییە، یان کارمان هەیە...) بگەڕێنەوە (بەبێ دڵگرانی) ئەوە چاکترە بۆتان، چاکیش بزانن خوا زانایە بە هەموو ئەو کار و کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.)

﴿لَّيۡسَ عَلَيۡكُمۡ جُنَاحٌ أَن تَدۡخُلُواْ بُيُوتًا غَيۡرَ مَسۡكُونَةٖ فِيهَا مَتَٰعٞ لَّكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مَا تُبۡدُونَ وَمَا تَكۡتُمُونَ﴾

واتە: (گوناهبار نابن ئەگەر بچنە ماڵێکەوە کەسی تێدا نیشتەجێ نەبێت و کەلوپەلی خۆتانی تێدا بێت، خواش دەزانێت و ئاگادارە بەوەی دەری دەخەن و بەوەش کە دەیشارنەوە.)

﴿قُل لِّلۡمُؤۡمِنِينَ يَغُضُّواْ مِنۡ أَبۡصَٰرِهِمۡ وَيَحۡفَظُواْ فُرُوجَهُمۡۚ ذَٰلِكَ أَزۡكَىٰ لَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا يَصۡنَعُونَ﴾

واتە: ((ئەی پێغەمبەر (ﷺ)) بە پیاوانی ئیماندار بڵێ: چاویان بپارێزن (لە سەرنجدانی ئافرەتانی نامەحرەم) هەروەها نامووس و عەورەتی خۆیان لە حەرام بپارێزن، بێگومان ئەوە پاکتر و پوختترە بۆیان (بۆ دڵ و دەروون و ڕواڵەت و ڕۆح و لاشەیان) بەڕاستی خوا ئاگادارە بەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەی کە دەیکەن.)

[سورەتی النور:27 - 30]

## ❖زیان لە باوەڕداران مەدەن

﴿وَٱلَّذِينَ يُؤۡذُونَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ بِغَيۡرِ مَا ٱكۡتَسَبُواْ فَقَدِ ٱحۡتَمَلُواْ بُهۡتَٰنًا وَإِثۡمًا مُّبِينًا﴾

واتە: (ئەوانەش کە ئازاری پیاوانی ئیماندار و ئافرەتانی ئیماندار دەدەن بێئەوەی تاوانێکیان ئەنجامدابێت، ئەوانە بوختان و گوناهـ و تاوانێکی ئاشکرا دەگرنە ئەستۆ.)

[سورەتی الأحزاب:58]

## ❖لەگەڵ باوانت خراپ ڕەفتار مەبە و بە وشەیەکیش بێت دڵیان مەشکێنە

﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا﴾

واتە: (پەروەردگاری تۆ بڕیاریداوە کە جگە لەو کەسی تر نەپەرستن، هەروەها بڕیاریداوە چاکەکاریش بن لەگەڵ دایك و باوکتاندا، هەر کاتێك یەکێکیان یان هەردووکیان بە پیری کەوتنە لای تۆ (تەنانەت) ئۆفیان لە دەست مەکە و (هەرگیز) پیایاندا هەڵمەشاخێ و هاواریان بەسەردا مەکە، بەردەوامیش قسە و گفتوگۆت لەگەڵیاندا با چاك و جوان و بەجێ بێت.

[سورەتی الإسراء: 23]

## ❖ دەستی یارمەتی لە خزمانتان مەبڕن

﴿وَلَا يَأْتَلِ أُوْلُواْ ٱلْفَضْلِ مِنكُمْ وَٱلسَّعَةِ أَن يُؤْتُوٓاْ أُوْلِي ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينَ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلْيَعْفُواْ وَلْيَصْفَحُوٓاْ أَلَا تُحِبُّونَ أَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَكُمْ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾

واتە: (ئەوانەی کە خاوەنی سامان و بەخشندەیین لە ئێوە با سوێند نەخۆن کە یارمەتی خزمان و هەژاران و کۆچبەران لە پێناوی خوا نەدەن (لەبەر ئەوەی بەشداربوون لە وتنی بوختانەکەدا)، دەبا لێبووردەبن، دەبا چاوپۆشی بکەن، مەگەر حەز ناکەن خوا لێتان خۆش ببێت، خوایش هەمیشە لێخۆشبوو میهرەبانە.

[سورەتی النور: 22]

## ❖ کۆبوونەوەی نهێنیات بۆ گوناهەکان مەهێڵن، بەڵکو بۆ تەوبەکردن بێت

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا تَنَٰجَيۡتُمۡ فَلَا تَتَنَٰجَوۡاْ بِٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ وَمَعۡصِيَتِ ٱلرَّسُولِ وَتَنَٰجَوۡاْ بِٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِيٓ إِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ﴾

واتە: (ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە کاتێک چپە دەکەن بەیەکەوە، چپەیەک مەکەن کە گوناهـ و دوژمنایەتی و نافەرمانی پێغەمبەر بێت، با چپەکانتان هەمووی دەربارەی چاکە و خواناسی و پارێزکاری بێت، لەو خوایە بترسن کە هەر بۆ لای ئەو کۆدەکرێنەوە (بۆ لێپرسینەوە).)

[سورەتی المجادلة: 9]

## ❖ سامانی هەژاران بە هەڵە مەخۆن

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَكُم بَيۡنَكُم بِٱلۡبَٰطِلِ إِلَّآ أَن تَكُونَ تِجَٰرَةً عَن تَرَاضٖ مِّنكُمۡ وَلَا تَقۡتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُمۡ رَحِيمٗا﴾

واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ماڵ و سامانی یەکتر بە ناحەق و بەبێ بەرانبەر مەخۆن لەنێوان خۆتاندا، مەگەر بازرگانییەک بێت و لەسەر ڕەزامەندی هەموولایەکتان بێت، خۆتان مەکوژن و (یەکتر بە ناحەق مەکوژن، کاتێک بێزاریی و بێتاقەتی ڕووتان تێدەکات یان تووشی زیانێک دەبن)، بەڕاستی خوا میهرەبانە پێتان.)

[سورەتی النساء: 29]

## ❖گەر فەرمانت بە چاکە کرد، خۆشت جێبەجێی بکە

﴿أَتَأْمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلْبِرِّ وَتَنسَوْنَ أَنفُسَكُمْ وَأَنتُمْ تَتْلُونَ ٱلْكِتَٰبَ أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾

واتە: ((کەی ئەوە ڕاستە) فەرمانی چاکە بە خەڵکی بدەن و خۆتان فەرامۆش بکەن؟! لەکاتێکدا خۆ ئێوە کتێبی خوا تەورات دەخوێننەوە، (دەزانن سزای گوفتاری بێ ڕەفتار چۆنە) جا ئایا ژیریتان ڕێتان لێناگرێت لەو هەڵوێستە ناشرینە؟!

[سورەتی البقرة: 44]

## ❖ دادپەروەر بە لەگەڵ خۆت و کەسوکارت

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ بِٱلۡقِسۡطِ شُهَدَآءَ لِلَّهِ وَلَوۡ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمۡ أَوِ ٱلۡوَٰلِدَيۡنِ وَٱلۡأَقۡرَبِينَۚ إِن يَكُنۡ غَنِيًّا أَوۡ فَقِيرٗا فَٱللَّهُ أَوۡلَىٰ بِهِمَاۖ فَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلۡهَوَىٰٓ أَن تَعۡدِلُواْۚ وَإِن تَلۡوُۥٓاْ أَوۡ تُعۡرِضُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٗا﴾

واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە هەمیشە ڕاگری دادوەری بن و شایەتیی بۆ خوا بدەن، با شایەتییەکەشتان زیانی بۆ خۆتان و دایک و باوکتان یان خزمانیش هەبێت، ئەگەر کەسانێک لەوانە دەوڵەمەندبێت یان هەژار خوا بەرژەوەندی ئەوان چاکتر دەزانێت لە ئێوە (واتە بەتەماعی دەوڵەمەندی لە دادپەروەری لامەدەن و بەهۆی نەداریی و بەزەیی بێ جێ لە حەق لامەدەن) نەکەن شوێن ئارەزووی نەفس بکەون لە دادپەروەری لابدەن، جا ئەگەر ئێوە پێچ لێ بدەن (زمان بگۆرن) و شایەتی ناحەق بدەن، یان پشت هەڵکەن، ئەوە چاک بزانن خوا ئاگادارە بە کار و کردەوەتان.)

[سورەتی النساء: 135]

## ❖پرسیاری ناپێویست مەکە

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَسۡـَٔلُواْ عَنۡ أَشۡيَآءَ إِن تُبۡدَ لَكُمۡ تَسُؤۡكُمۡ وَإِن تَسۡـَٔلُواْ عَنۡهَا حِينَ يُنَزَّلُ ٱلۡقُرۡءَانُ تُبۡدَ لَكُمۡ عَفَا ٱللَّهُ عَنۡهَاۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٞ﴾

واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە پرسیار مەکەن لە هەندێک شت، کە ئەگەر ئاشکرا بکرێت بۆتان سەغڵەتتان دەکات، خۆ ئەگەر پرسیار بکەن دەربارەیان لەکاتی دابەزاندنی قورئاندا ئەوە بۆتان ئاشکرا دەکرێت، خوا چاوپۆشی لێ کردوون و (باسی نەکردوون) خواش لێخۆشبوو و بە حیلم و حەوسەڵەیە.)

[سورەتی المائدة: 101]

## ❖بەناوی خراپ بانگی کەسانی تر مەکەن و گاڵتە بە کەس مەکەن

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا يَسۡخَرۡ قَوۡمٞ مِّن قَوۡمٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُونُواْ خَيۡرٗا مِّنۡهُمۡ وَلَا نِسَآءٞ مِّن نِّسَآءٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُنَّ خَيۡرٗا مِّنۡهُنَّۖ وَلَا تَلۡمِزُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَلَا تَنَابَزُواْ بِٱلۡأَلۡقَٰبِۖ بِئۡسَ ٱلِٱسۡمُ ٱلۡفُسُوقُ بَعۡدَ ٱلۡإِيمَٰنِۚ وَمَن لَّمۡ يَتُبۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾

واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! هیچ کەس و هیچ هۆزێک گاڵتە بە کەس و هۆزێکی تر نەکات و زەلیلی نەکات، چونکە لەوانەیە ئەوان چاکتر بن لەمان، ژنانیش بە گاڵتە بە یەک نەکەن و یەکتر زەلیل نەکەن، چونکە لەوانەیە ئەمان لەوان چاکتر بن... سووکایەتی بە خۆتان مەکەن و یەکتری عەیبدار مەکەن (چونکە سووکایەتی بە یەکتر سووکایەتی یە بە خۆتان) هەروەها ناو و ناتۆرەی ناشیرین بۆ یەکتر دامەتاشن، ئای کە چەند ناشیرینە ناو و ناتۆرەی خراپ لەدوای باوەڕهێنان و موسڵمان بوون، ئەوەش تەوبەی نەکردبێت و پەشیمان نەبووبێتەوە لە گوناهەکانی، جا ئەو جۆرە کەسانە هەر ستەمکارن.)

[سورەتی الحجرات: 11]

❖ مەڵێ پاکین (بە کردەوەی باشتان هەڵنەخەڵەتێن)

﴿ٱلَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَٰٓئِرَ ٱلْإِثْمِ وَٱلْفَوَٰحِشَ إِلَّا ٱللَّمَمَ إِنَّ رَبَّكَ وَٰسِعُ ٱلْمَغْفِرَةِ هُوَ أَعْلَمُ بِكُمْ إِذْ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ وَإِذْ أَنتُمْ أَجِنَّةٌ فِى بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمْ فَلَا تُزَكُّوٓاْ أَنفُسَكُمْ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ ٱتَّقَىٰٓ﴾

واتە: (ئەوانەی کە خۆیان دەپارێزن لە گوناهـ و تاوانە گەورەکان لە گوفتار و کرداری بەد جگە لە وردەگوناهان، بەڕاستی پەروەردگاری تۆ، ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەی ئیماندار چاوپۆشی زۆر فراوانە، چاک دەتانناسێت، لەکاتێکدا ئێوەی لە زەویدا بەرپاکردووە، لەو کاتەشدا ئێوە کۆرپەلەی بچووک بوون لە سکی دایکتاندا (ئاگای لێتان بوو)، کەواتە خۆتان بە چاک مەزانن و خۆتان بە پاڵفتە دامەنێن، هەر خوا دەزانێت کێ تەقوای هەیە و پارێزکارە)

[سورەتی النجم: 32]

### ❖ بە میهرەبانی قسە لەگەڵ نەزانەکان بکە

﴿وَعِبَادُ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمۡشُونَ عَلَى ٱلۡأَرۡضِ هَوۡنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلۡجَٰهِلُونَ قَالُواْ سَلَٰمًا﴾

واتە: (بەندەکانی خوای میهرەبان ئەو کەسانەن کە زۆر بە هێمنی و سەلاری بەسەر زەویدا دەڕۆن، کاتێکیش نەفامان بە قسە و قسەڵۆکی ناخۆش بەرەنگاریان دەبن، لە وەڵامیاندا دەڵێن: سڵاو (ڕەوشت بەرزی خۆیان دەنوێنن).)

[سورەتی الفرقان: 63]

❖ (لە بەرانبەر بەخشیندا) داوای کرێ مەکە

﴿إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ ٱللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَآءً وَلَا شُكُورًا﴾

واتە: (دەڵێن: بێگومان ئێمە ئەم خۆراکەتان هەر لەبەر خوا و بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو پێدەبەخشین، نە پاداشتمان لێتان دەوێت نە سوپاس.)

[سورەتی الإنسان: 9]

❖دەنگت دابەزێنە و بە هێمنی بدوێ و بە نەرمی ڕێ بکە

﴿وَٱقْصِدْ فِى مَشْيِكَ وَٱغْضُضْ مِن صَوْتِكَ إِنَّ أَنكَرَ ٱلْأَصْوَٰتِ لَصَوْتُ ٱلْحَمِيرِ﴾

واتە: (هەوڵ بدە لە ڕۆیشتنتدا مام ناوەندیانە بڕۆ، بەرەو ئامانجێکی چاک هەنگاو بنێ، بە دەنگی هێواش و لەبار گفتوگۆ بکە و بدوێ، چونکە بەڕاستی بێزارترین و ناخۆشترینی دەنگەکان دەنگی گوێ درێژەکانە.)

[سورەتی لقمان: 19]

❖مەهێڵە ڕق نادادپەروەرت بکات

﴿وَلَا تَسُبُّواْ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَسُبُّواْ ٱللَّهَ عَدۡوَۢا بِغَيۡرِ عِلۡمٖۗ كَذَٰلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمۡ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِم مَّرۡجِعُهُمۡ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾

واتە: ((ئەی ئیمانداران) نەکەن جوێن بدەن بەو بت و شتانەی کە (نەفامان) هاواری لێدەکەن و دەیپەرستن بێجگە لە خوا، نەوەکو ئەوانیش بە ناحەق و بە نەفامی جوێن بدەن بە خوا، (چونکە ئەوانە) نایناسن و قەدری نازانن، ئا بەو شێوەیە ئێمە بۆ هەر گەل و ئوممەتێک کردەوەکەیانمان ڕازاندۆتەوە، لەوەودوا گەڕانەوەیان هەر بۆ لای پەروەردگاریانە، ئەوسا ئاگاداریان دەکاتەوە بەو کار و کردەوانەی کە دەیانکرد.)

[سورەتی الأنعام: 108]

❖ نزیکی داوین پیسی و زینا مەکەونەوە

﴿وَلَا تَقۡرَبُواْ ٱلزِّنَىٰٓۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةٗ وَسَآءَ سَبِيلٗا﴾

واتە: (هەرگیز نەکەن توخنی زینا بکەون و لێی نزیك ببنەوە، چونکە ئەوە بەڕاستی گوناهو تاوان و هەڵە و ڕێچکەیەکی زۆر ناقۆڵایە.)

[سورەتی الإسراء: 32]

❖ بەبێ بەڵگە کەسانی تر بە بێ ئەخلاق تۆمەتبار مەکەن

﴿وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ثُمَّ لَمۡ يَأۡتُواْ بِأَرۡبَعَةِ شُهَدَآءَ فَٱجۡلِدُوهُمۡ ثَمَٰنِينَ جَلۡدَةً وَلَا تَقۡبَلُواْ لَهُمۡ شَهَٰدَةً أَبَدًا وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ﴾

واتە: ( ئەوانەی کە بوختان دەکەن بۆ ئافرەتانی داوێن پاك و خاوەن مێرد، پاشان ناتوانن چوار کەسیش بە شایەت بهێنن، ئەوانە هەشتا قامچیان لێ بدەن و هەرگیز شایەتیان لێ وەرمەگرن، ئەوانە لە ڕیزی تاوانبار و لە سنوور دەرچوو و یاخییەکاندان.)

[سورەتی النور: 4]

## ❖ دادگەر و حەق ویست بن

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ شُهَدَآءَ بِٱلۡقِسۡطِۖ وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعۡدِلُواْۚ ٱعۡدِلُواْ هُوَ أَقۡرَبُ لِلتَّقۡوَىٰۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ﴾

واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، زۆر بە چاکی هەستن بە ئەنجامدانی شایەتی دادپەروەرانە لەبەر خوا، ڕق و دوژمنایەتی هیچ کەس و هیچ لایەک هەڵتان نەنێت کە لە دادپەروەریی لابدەن، دادپەروەربن، ئەوە نزیکترە لە تەقوا و خواناسییەوە، دەی کەواتە لە خواترس و پارێزکاربن، چونکە بەڕاستی خوا ئاگادارە بەو کار و کردەوەیەی کە دەیکەن.)

[سورەتی المائدة: 8]

## ❖ بخۆن و بخۆنەوە بەڵام زیاد لە سنوور دەرمەچوون

﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ﴾

واتە: (ئەی نەوەی ئادەم، خۆتان بڕازێننەوە بە پۆشاک لەبەرکردن، لەکاتی هەموو نوێژ و چوونە ناو مزگەوتێکدا، بخۆن و بخۆنەوە (لە ناز و نیعمەتەکان) بەڵام زیادەڕەوی مەکەن، چونکە بەڕاستی خوا لە سنوور دەرچووان و زیادەڕەوانی خۆش ناوێت.)

[سورەتی الأعراف: 31]

❖ئەگەر نەتوانن یارمەتی هەژاران بدەن، لانیکەم قسەی میهرەبان بڵێن

﴿وَإِمَّا تُعْرِضَنَّ عَنْهُمُ ٱبْتِغَآءَ رَحْمَةٍ مِّن رَّبِّكَ تَرْجُوهَا فَقُل لَّهُمْ قَوْلًا مَّيْسُورًا﴾

واتە: (خۆ ئەگەر نەتتوانی یارمەتی ناوبراوان بدەیت و بە ئومێدی ڕەحمەتی پەروەردگار و بەخششی ئەو بوویت، ئەوە دەکرێت بە گوفتاری جوان و قسەی خۆش ڕازییان بکەیت.)

[سورەتی الإسراء: 28]

❖ میهرەبان بە لەگەڵ ئەوانەی ژێردەستتدان و ڕاوێژیان پێ بکە لەسەر بابەتەکان

﴿فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ لَٱنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ فَٱعْفُ عَنْهُمْ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِى ٱلْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَوَكِّلِينَ﴾

واتە: (کەوابوو (ئەی محمد (ﷺ) بەهۆی ڕەحمەتی خواوەیە تۆ نەرم و هێمن بویت لەگەڵیاندا، خۆ ئەگەر توڕە و قسە ڕەق و بێ بەزەیی بوویتایە، ئەوە هەموو لە دەورت بڵاوەیان دەکرد، کەواتە چاوپۆشیان لێبکە و لێیان ببورە و داوای لێخۆش بوونیان بۆ بکە، لە کار و پێشهاتدا پرس و ڕایان پێ بکە، (دوای مەشورەت و پرس و ڕا) ئەگەر بڕیارتدا (کارێک ئەنجام بدەیت، ئەنجامی بدە و پشت بە خوا ببەستە، چونکە بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆشدەوێت کە پشتی پێدەبەستن.

[سوڕەتی آل عمران: 159]

## ❖ ئەگەر پێویست بوو پرسیار لە ژنەکانی پێغەمبەر بکرێت، ئەوا لە پشت پەردەوە پرسیار بکە

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَدۡخُلُواْ بُيُوتَ ٱلنَّبِيِّ إِلَّآ أَن يُؤۡذَنَ لَكُمۡ إِلَىٰ طَعَامٍ غَيۡرَ نَٰظِرِينَ إِنَىٰهُ وَلَٰكِنۡ إِذَا دُعِيتُمۡ فَٱدۡخُلُواْ فَإِذَا طَعِمۡتُمۡ فَٱنتَشِرُواْ وَلَا مُسۡتَـٔۡنِسِينَ لِحَدِيثٍۚ إِنَّ ذَٰلِكُمۡ كَانَ يُؤۡذِي ٱلنَّبِيَّ فَيَسۡتَحۡيِۦ مِنكُمۡۖ وَٱللَّهُ لَا يَسۡتَحۡيِۦ مِنَ ٱلۡحَقِّۚ وَإِذَا سَأَلۡتُمُوهُنَّ مَتَٰعٗا فَسۡـَٔلُوهُنَّ مِن وَرَآءِ حِجَابٖۚ ذَٰلِكُمۡ أَطۡهَرُ لِقُلُوبِكُمۡ وَقُلُوبِهِنَّۚ وَمَا كَانَ لَكُمۡ أَن تُؤۡذُواْ رَسُولَ ٱللَّهِ وَلَآ أَن تَنكِحُوٓاْ أَزۡوَٰجَهُۥ مِنۢ بَعۡدِهِۦٓ أَبَدًاۚ إِنَّ ذَٰلِكُمۡ كَانَ عِندَ ٱللَّهِ عَظِيمًا﴾

واتە: (ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە مەچن بۆ سەردانی ماڵەکان پێغەمبەر، مەگەر مۆڵەتتان بدرێت و مۆڵەت بخوازن، (ئەگەر مۆڵەت دران بۆ نانخواردنێك) چاوەڕێی پێگەیشتنی مەکەن ئەگەر پێنەگەیشتبوو (مەبەست ئەوەیە کە زوو مەچن کە هێشتا خواردنەکە پێنەگەیشتووە)، بەڵام بانگ کران ئەوە بچنە ژوورەوە، خۆتان بە گفتوگۆوە سەرگەرم مەکەن، چونکە ئەو کارەتان پێغەمبەر ئازار دەدات (هەرچەندە شەرمتان لێدەکات و (داوای چوونە دەرەوەتان لێناکات، بێگومان) خوا شەرم لە (ڕاگەیاندنی) حەق و دروستی ناکات خۆ ئەگەر داوای شتێکی پێویستان (لە خێزانەکانی پێغەمبەر کرد) لە پشتی پەردەوە داوای لێبکەن، ئا ئەو جۆرە ڕەفتارە چاکتر و پاکترە بۆ دڵی ئێوە و ئەوانیش، بێگومان هیچ کات بۆتان نییە ئازار و دڵتەنگی بۆ پێغەمبەری خوا پێش بێنن، هەرگز بۆتان نییە هاوسەرانی دوای خۆی بە هیچ جۆرێك مارە بکەن چونکە ئەو کارەتان لای خوا زۆر گەورەیە و (زۆر نابەجێیە، چونکە ئەوان دایکتانن، دایکیش لە ڕۆڵەی حەرامە).

[سورەتی الأحزاب: 53]

❖ماڵ و سامانت لە کاری خێرخوازیدا سەرف بکە

﴿ءَامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَأَنفِقُواْ مِمَّا جَعَلَكُم مُّسْتَخْلَفِينَ فِيهِ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمْ وَأَنفَقُواْ لَهُمْ أَجْرٌ كَبِيرٌ﴾

واتە: (خەڵکینە ئیمان و باوەڕی دامەزراو بهێنن بە خوا و پێغەمبەرەکەی، لەو ماڵ و سامانەی کە خستویەتییە ژێر دەستان و جێنشینن تیایدا، ببەخشن، بێگومان ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە لەئێوە و ماڵ و سامان دەبەخشن پاداشتی گەورە چاوەڕێیانە)

[سورەتی الحدید: 7]

❖ بێ عیلم و زانست و کوێرانە شوێن کەس مەکەون

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱتَّبِعُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُواْ بَلۡ نَتَّبِعُ مَآ أَلۡفَيۡنَا عَلَيۡهِ ءَابَآءَنَآ أَوَلَوۡ كَانَ ءَابَآؤُهُمۡ لَا يَعۡقِلُونَ شَيۡـٔٗا وَلَا يَهۡتَدُونَ﴾

واتە: (ئەگەر بەو خەڵکە نادانە بوترێت: شوێنی ئەو بەرنامەیە بکەون کە لەلایەن خواوە ڕەوانە کراوە، دەڵێن: نەخێر، هەر شوێنی ئەوە دەکەوین کە باو و باپیرانمان پێوەی ئالوودە بوون و لەسەری ڕاهاتوون، ئایا ئەگەر باوو باپیرانیشیان تێ نەگەیشتوو هیچ نەزان و ناشارەزا و ڕێنموویش وەرنەگرن (هەر شوێنیان دەکەون؟!).

[سورەتی البقرة: 170]

## ❖ ڕیبا و سوو مەخۆن

﴿ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِي يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ مِنَ ٱلۡمَسِّۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَالُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡبَيۡعُ مِثۡلُ ٱلرِّبَوٰاْۗ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلۡبَيۡعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْۚ فَمَن جَآءَهُۥ مَوۡعِظَةٞ مِّن رَّبِّهِۦ فَٱنتَهَىٰ فَلَهُۥ مَا سَلَفَ وَأَمۡرُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِۖ وَمَنۡ عَادَ فَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾

واتە: (ئەوانەی سوو دەخۆن، هەڵسوکەوت ناکەن و ڕاست نابنەوە (لە گۆڕدا) مەگەر وەک ئەو کەسەی کە شەیتان دەستی لێوەشاندبێت (هەر لە دونیادا سروشتی نین، لە قیامەتیشدا وەک شێت دەبن) چونکە ئەوانە دەڵێن: کڕین و فرۆشتن وەک سوو وایە (لە حاڵێکدا): خوا کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردوە و سووی حەرام کردووە، جا ئەوەی ئامۆژگاری پەروەردگاری پێگەیشت و وازی هێنا، ئەوەی دەستی کەوتووە، بۆ خۆی، کاری (لە لێ پرسینەوەشی) دەکەوێتەلای خوا، بەڵام ئەوەی دەست بکاتەوە بە سووخۆریی، ئا ئەوانە جێنشینی ناو ئاگری دۆزەخن و ژیانی هەمیشەیی تیادا دەبەنەسەر.)

[سورەتی البقرة: 275]

## ❖ دادوەری بکە لە نیوان خەڵکیدا

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعَۢا بَصِيرٗا﴾

واتە: (بێگومان خوا فەرمانتان پێدەدات کە هەموو ئەمانەتەکان (سپاردەکان) بگەڕێننەوە دەست خاوەنەکانیان و هەر کاتێکیش داوەریتان کرد لەنێوان خەڵکیدا، دادپەروەرانە فەرمانڕەوایی بکەن، چونکە بەڕاستی خوا بە جوانی و چاکی و تەواوی ئامۆژگاری و فەرمانتان پێدەدات، بەڕاستی خوا هەمیشە و بەردەوام بیسەر و بینایە.)

[سورەتی النساء: 58]

## ❖ مزگەوتەکان لە کەس قەدەغە مەکەن

﴿أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُواْ ٱلْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ ٱلَّذِينَ خَلَوْاْ مِن قَبْلِكُم مَّسَّتْهُمُ ٱلْبَأْسَآءُ وَٱلضَّرَّآءُ وَزُلْزِلُواْ حَتَّىٰ يَقُولَ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ مَتَىٰ نَصْرُ ٱللَّهِ أَلَآ إِنَّ نَصْرَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ﴾

واتە: (ئایا لاتان وایە هەروا بە ئاسانی دەچنە بەهەشتەوە (بێ تەنگانە و ناخۆشی)؟! مەگەر نموونەی ئیماندارانی پێشووتان بۆ باس نەکراوە، کە تووشی شەڕو ناخۆشی و تەنگانە و گرانی و نەداری بوون و تەکانیان خواردوە و زۆریان بۆ هاتووە بەڕادایەک، هەتا پیغەمبەرەکەیان و ئەوانەی باوەڕیان هێناوە لەگەڵیدا، دەیانوت: کەی پەروەردگار سەرکەوتن دەبەخشێت؟! ئیتر کەی خوا یارمەتی دەنێرێت؟! ئاگاداربن و دڵنیابن بەڕاستی یارمەتی خوایی زۆر نزیکە. لە تۆ دەپرسن (ئەی پێغەمبەر (ﷺ) کەچی ببەخشن و بە کێ ببەخشن؟ پێیان بڵێ: هەر خێرێک دەکەن سەرەتا دایک و باوکتان فەرامۆش مەکەن، هەروەها خزمان و هەتیوان و هەژاران و ڕێبوارانی نەداریش، هەر خێر و چاکەیەکیش ئەنجام دەدەن، دڵنیابن کە خوا زانا و ئاگادارە لێی.)

[سورەتی البقرة: 214]

## ❖ حەسوودی و بەخیلی بە کەس مەبەن

﴿أَمْ يَحْسُدُونَ ٱلنَّاسَ عَلَىٰ مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ فَقَدْ ءَاتَيْنَآ ءَالَ إِبْرَٰهِيمَ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَءَاتَيْنَٰهُم مُّلْكًا عَظِيمًا﴾

واتە: (یان هەر ئەوەیە کە حەسادەت و بەخیلی بە خەڵکی (ئیماندار) دەبەن لەسەر ئەوەی خوا لە فەزڵ و بەخششی خۆی بەشی داون (پێغەمبەری لەناویاندا هەڵبژاردووە) خۆ بێگومان ئێمە بەنەوەی ئیبراهیم کتێبمان بەخشیووە (بە موسا تەورات و بە عیسا ئینجیل و بە محمدیش (ﷺ) قورئان) هەروەها لە جۆرەها دانایی بەهرەوەرمان کردوون و (بە هەندێکیان) وەک (یوسف و داود و سولەیمان) دەسەڵات و پاشایەتییەکی گەورەمان بەخشیووە.)

[سورەتی النساء: 54]

## ❖ خواردنی سنگتان بدەن بە منداڵەکانتان تا تەمەنی ٢ ساڵی

﴿وَٱلْوَٰلِدَٰتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ ٱلرَّضَاعَةَ وَعَلَى ٱلْمَوْلُودِ لَهُۥ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ لَا تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلَّا وُسْعَهَا لَا تُضَآرَّ وَٰلِدَةٌۢ بِوَلَدِهَا وَلَا مَوْلُودٌ لَّهُۥ بِوَلَدِهِۦ وَعَلَى ٱلْوَارِثِ مِثْلُ ذَٰلِكَ فَإِنْ أَرَادَا فِصَالًا عَن تَرَاضٍ مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا وَإِنْ أَرَدتُّمْ أَن تَسْتَرْضِعُوٓاْ أَوْلَٰدَكُمْ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِذَا سَلَّمْتُم مَّآ ءَاتَيْتُم بِٱلْمَعْرُوفِ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾

واتە: (دایکان (تەڵاقدراو بن یان نا) دوو ساڵی تەواو با شیر بە منداڵەکانیان بدەن بۆ هەر کەس کە دەیەوێت شیری تەواو بدات و پێویستە لەسەر ئەو کەسەی خاوەنی منداڵەکەیە (واتە باوکی یان بەخێوکەری) ڕزق و ڕۆزی و پۆشاک بە شێوەیەکی جوان و پەسەندی ئایین ئامادە بکات، ئەرک لەسەر هیچ کەس دانانرێت جگە لە توانای خۆی، نابێت هیچ دایکێک زیانی پێ بگەیەنرێت بەهۆی منداڵەکەیەوە، هەروەها باوکیشی نابێت زیانی پێ بگەیەنرێت بەهۆی منداڵەکەیەوە و لەسەر میراتگری منداڵەکەشە وێنەی ئەو مافانەی کە باسکران، خۆ ئەگەر دایک و باوک هەر کاتێک بە ڕەزامەندی و پرس و ڕای هەردوولایان ویستیان منداڵەکەیان لە شیر ببڕنەوە، ئەوە قەیناکات و هیچ گوناهیان لەسەر نییە لەو بارەیەوە، خۆ ئەگەر ویستتان دایەن بۆ شیر پێدانی منداڵەکانتان بگرن، ئەوەش قەیناکات و هیچ گوناهتان لەسەر نییە، بە مەرجێک ماف و کرێیان بە جوانی و شایستە پێ بدەن، لە خوا بترسن و پارێزکاربن و چاک بزانن بەڕاستی خوا زۆر بینایە بەو کار و کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.)

[سورەتی البقرة: 233]

## ❖ خێزان دەبێت ڕابەرایەتی بکرێت لەلایەن پیاوەوە

﴿ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٍ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡ فَٱلصَّٰلِحَٰتُ قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٌ لِّلۡغَيۡبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُ وَٱلَّٰتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهۡجُرُوهُنَّ فِي ٱلۡمَضَاجِعِ وَٱضۡرِبُوهُنَّ فَإِنۡ أَطَعۡنَكُمۡ فَلَا تَبۡغُواْ عَلَيۡهِنَّ سَبِيلًا إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيّٗا كَبِيرٗا﴾

واتە: (پیاوان سەرپەرشتیارن بەسەر هاوسەرەکانیانەوە، ئەمەش بەهۆی ڕێز و زیادە ئەرکێکەوە کە خوا داویەتی بە هەندێک بەسەر هەندێکی تردا (سەرەڕای ئەوەی کە) پیاوان لە ماڵ و سامانیان خەرج دەکەن (لە پێناوی ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی ئافرەتاندا)، لەولاشەوە ئافرەتانی ژیر و دیندار و گونجاو هەمیشە گوێڕایەڵی مێردەکانیانن، نهێنی نێوان خۆیان و مێردەکانیان دەپارێزن (بەتایبەت ئەو نهێنیانەی خوا دەیەوێت پارێزراو بن) بەهۆی ئەوەی کە خوا مافەکانی ئەوانی پاراستووە، ئەو ئافرەتانەش ئێوە دەترسن سەرکەشی و سەرپێچی بکەن سەرەتا ئامۆژگاریان بکەن، (ئەگەر سوودی نەبوو) لەناو جێدا پشتیان تێبکەن، (ئەگەر ئەوەش سوودی نەبوو) لێیان بدەن (بەمەرجێک لێدانەکە لە دەم و چاو نەبێت و ئاسەوار بەجێنەهێڵێت)، ئەگەر بەم هۆیانەوە لە لادان و یاخی بوون وازیان هێنا، ئەوە ئیتر ستەمیان لێمەکەن و ڕێگەی تر مەگرنەبەر (بۆ ئازاردانیان) بێگومان خوا بەرز و بڵند و گەورەیە، (ئەگەر ستەمیان لێبکەن تۆڵەتان لێدەسێنێت).

[سورەتی النساء: 34]

## ❖لە تاوان و هەڵەکانی خەڵکی ببورە

﴿خُذِ ٱلْعَفْوَ وَأْمُرْ بِٱلْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْجَٰهِلِينَ﴾

واتە: (کاری ئاسان لە خەڵکی داوا بکە و چاوپۆشی لە هەڵەو کەموکوڕییەکانیان بکە و، فەرمان بدە بە چاکە و کردەوەیەک کە پەسەندی شەرعە، ڕووش وەرگێڕە و پشت بکە لە نەفام و تێ نەگەیشتوان.)

[سورەتی الأعراف: 199]

## ❖ خۆت بە دوور بگرە لە قومار و عارەق

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَٰمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ فَٱجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾

واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە دڵنیابن کە عەرەق و قومار و گۆشتی ماڵاتی سەربڕاو بۆ غەیری خوا لەو شوێنانەی کە خەڵک بە پیرۆزی داناوە نەک ئیسلام، بورج حەرام و حەڵاڵ زانین بەهۆی هەڵدانی زارەوە ئەمانە هەر پیسن و لە کاروکردەوەی شەیتانن، کەواتە ئێوەش خۆتانی لێ دوور بگرن و خۆتانی لێ بپارێزن، بۆ ئەوەی سەرفرازیی و بەختەوەریی بەدەست بهێنن (لە هەردوو جیهاندا)).

[سورەتی المائدة: 90]

## ❖ ڕق و تورەیی خۆت بخۆرەوە

﴿ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ فِي ٱلسَّرَّآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَٱلْكَٰظِمِينَ ٱلْغَيْظَ وَٱلْعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾

واتە: (ئەوانەی لە خۆشی و ناخۆشیدا، لە هەرزانی و گرانیدا ماڵ و سامانیان دەبەخشن، ڕق و کینەی خۆیان دەخۆنەوە و خۆگرن، لە خەڵکی خۆش دەبن و لێبوردەن، خوای میهرەبانیش چاکەکار و چاکەخوازانی خۆش دەوێت.)

[سورەتی آل عمران: 134]

## ❖ڕووخۆش و چاکەکار بە لەگەڵ خەڵکی

﴿وَٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشْرِكُواْ بِهِۦ شَيْـًٔا وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا وَبِذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱلْجَارِ ذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْجَارِ ٱلْجُنُبِ وَٱلصَّاحِبِ بِٱلْجَنۢبِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ مُخْتَالًا فَخُورًا﴾

واتە: ((ئەی خەڵکینە) تەنها خوا بپەرستن و هیچ جۆرە شەریک و هاوەڵێکی بۆ بڕیار مەدەن و چاکەکار بن لەگەڵ دایک و باوکتان و خزمان و هەتیووان و هەژاران و دراوسێی خزم و دراوسێی نزیک و دراوسێی بێگانەداو هاوەڵی کارو سەفەرو ڕێبوارو ژێر دەستەکانتاندا، بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆش ناوێت کە خۆدەنوێنن و فیزدەکەن و فەخر دەفرۆشن بەسەر خەڵکیدا.)

[سورەتی النساء: 36]

## ❖ بە نەرمی قسە بکە

﴿فَقُولَا لَهُۥ قَوۡلٗا لَّيِّنٗا لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوۡ يَخۡشَىٰ﴾

واتە: (هەردووکتان بە نەرمی و جوانی گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن، بۆ ئەوەی یاداوەری وەربگرێت، یان ترسی (سزای ئێمە) لە دەروونیدا جێ بگرێت.)

[سورەتی طه: 44]

❖ مەچنە ژووری باوانتانەوە تا ئیزن وەرنەگرن

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِيَسْتَـْٔذِنكُمُ ٱلَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ وَٱلَّذِينَ لَمْ يَبْلُغُواْ ٱلْحُلُمَ مِنكُمْ ثَلَٰثَ مَرَّٰتٍ مِّن قَبْلِ صَلَوٰةِ ٱلْفَجْرِ وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ ٱلظَّهِيرَةِ وَمِنۢ بَعْدِ صَلَوٰةِ ٱلْعِشَآءِ ثَلَٰثُ عَوْرَٰتٍ لَّكُمْ لَيْسَ عَلَيْكُمْ وَلَا عَلَيْهِمْ جُنَاحٌۢ بَعْدَهُنَّ طَوَّٰفُونَ عَلَيْكُم بَعْضُكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾

واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە با بەندە و ئەو منداڵانەتان (کە هێشتا نەگەیشتونەتە تەمەنی هەرزەکاری) لە سێ کاتدا (فێری ئەوە بکرێن) مۆڵەت بخوازن (لەسەردانی ژووری نووستنی ژن و مێرد) پێش نوێژی بەیانی، کاتی نیوەڕۆ کە پۆشاکتان دا دەنێن (بۆ حەوانەوە)، لە دوای نوێژی خەوتنان، سێ کاتەکە لەوانەیە عەورەتی ئێوەی تێدا دەربکەوێت (با کەسی تر؛ نەتانبینێت)، لە دوای ئەو سێ کاتە قەیناکات بۆ ئێوەش و ئەوانیش، کە بگەڕێن بە ناویەکدا و بچن بۆ لای یەکتر، ئا بەو شێوەیە خوا ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە، (تا تووشی کێشەی دەروونی نەبن) خواش هەمیشە زانا و دانایە (بەوەی کە دەبێتە مایەی خێر و خۆشیتان)).

[سورەتی النور: 58]

## ❖ پێدانی کاتی زیاتر بە قەرزدار تا گەرانەوەی قەرزەکەی

﴿وَإِن كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَىٰ مَيْسَرَةٍ وَأَن تَصَدَّقُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾

واتە: (خۆ ئەگەر قەرزارەکە نەدار بوو، ئەوە مۆڵەتی بدرێ تا دەرووی لێ دەکرێتەوە و دەیبێت، خێر کردنتان بە قەرزارەکە و ئازادکردنی و بەخشینی، چاکترە بۆتان ئەگەر ئێوە بزانن (چەندە پاداشتی خوایی بێ سنوورە)).

[سورەتی البقرة: 280]

## ❖کەس تاوانی کەس هەڵناگریت

﴿مَّنِ ٱهْتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهْتَدِى لِنَفْسِهِۦ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا﴾

واتە: (ئەوەی هەوڵی دابێت ڕێبازی ڕاست و دروست بگرێت، ئەوە بەڕاستی بە قازانجی خۆی تەواو دەبێت و هەر خۆی بەهرە لە هیدایەتەکەی وەردەگرێت، ئەوەش گومڕا بووە و ڕێبازی سەرلێشێواوی گرتۆتەبەر، ئەوە بێگومان هەر خۆی زەرەر دەکات و گومڕاییەکەی لەسەری دەکەوێت، کەس گوناهی کەس هەڵناگرێت، کەس بەرپرسیار نییە لە هەڵەی کەسانی تر، ئێمەش سزای کەسمان نەداوە تا پێغەمبەرێکی بۆ دەنێرین.)

[سورەتی الإسراء: 15]

❖لە شتێک مەدوێ و دوای شتیک مەکەوە کە زانستت پێی نییە

﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ إِنَّ ٱلسَّمْعَ وَٱلْبَصَرَ وَٱلْفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْـُٔولًا﴾

واتە: ((ئەی مرۆڤ) لە شتێك مەدوێ و شوێنی شتێك مەکەوە کە زانست و زانیاریت دەربارەی نییە، چونکە بەڕاستی دەزگاکانی بیستن و بینین و تێگەیشتن هەر هەمووی، بەر پرسیارە لە بەرانبەریەوە.)

[سورەتی الإسراء: 36]

## ❖ بەرتیل خۆرمەبن

﴿وَلَا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَكُم بَيۡنَكُم بِٱلۡبَٰطِلِ وَتُدۡلُواْ بِهَآ إِلَى ٱلۡحُكَّامِ لِتَأۡكُلُواْ فَرِيقٗا مِّنۡ أَمۡوَٰلِ ٱلنَّاسِ بِٱلۡإِثۡمِ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ﴾

واتە: (نەکەن ماڵ و دارایی یەکتر لە نێوانتاندا بە ناحەق بخۆن (وەك بەرتیل و سوو، یان داگیرکردن و فرۆفێڵ...) نەکەن هەندێکی بدەن بە کاربەدەستان بۆ ئەوەی هەندێك ماڵی خەڵکی بخۆن لەڕێگەی ناحەق و گوناهەوە، لە کاتێکدا خۆشتان دەزانن کە ئەو کارە ڕەوا نییە.)

[سورەتی البقرة: 188]

لة كۆتاييدا دەڵێین: خوا رڕێنیشاندەری هەموو لایەکمان بێت و هیدایتتمان بدات بۆ کاری چاکە.

هەرجي کەموکوڕي هەیە لە ئیێمەوەیە و هةرجي جوانی و تةواوی هةية لة پەروەردگارەوەیە.

داواكارين لة كةموكوريمان ببورن و لة دوعاي خێر بێبەشمان مةكةن.

**دەستەی ئەندامانی ڕۆشنایی قورئان**

ڕۆشنایی قورئان

2022